سەرۆك کۆمار پێشوازی لە باڵیۆزی تورکیا دەکات



سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازیکرد لە عەلی رەزا گونای باڵیۆزی کۆماری تورکیا لە عێراق.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ یەکشەممە 21-4-2024 لە کۆشکی سڵام لە بەغداد بەڕێوەچوو، جەختکرایەوە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و بەهێزکردنی هاریکاری و هاوئاهەنگی نێوان هەردوو وڵات، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو گەلی دەست بکات.

لە دیدارەکەدا سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە لەسەر گرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و هاریکاری نێوان بەغداد و ئێنقەرە و کاری هاوبەش لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی لێناوچەکەدا.

هەروەها بەڕێز سەرۆك کۆمار ئاماژەی بۆکرد، کە عێراق دەخوازێت پەیوەندی نایابی لەگەڵ تورکیای دراوسێی لە ئاستە جیاجیاکاندا هەبێت، هەروەها بە پێشڕەو بە بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی برا و دەست لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەری و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ.

لای خۆیەوە باڵیۆز عەلی رەزا گونای خواستی وڵاتەکەی بۆ چەسپاندنی هاریکاری و هاوئاهەنگی دوپاتکردەوە لەپێناو هێنانکایەی لێکتێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بە بابەتەکانی نێوان هەردوو وڵات و

پرسێ ئیقلیمییەکان. هەروەها ئامادەکارییەکانی سەردانی سەرۆکی تورکیای بۆ عێراق خستووە.